شایستەی دارایی دوو مانگ بە مامستایانی گرێبەست دابەش دەکرێت



نوێنەری گشتی مامستایانی گرێبەست ایگێیاند، ئەمڕۆ یەکشەممە 15ـی کانوونی یەکەم شایستەی دارایی وانەبێژان بە مانگەکانی حەوت و هەشتەی 2024 لە سلەمانی و دووشەممە و سێشەممە لە هەولێر و دهۆک دابەش دەکرێت.

عەلی ڕەئووف، وتەبێژی مامستایانی گرێبەست کە پێشتر وانەبێژبوون ئاماژەی بۆوشکرد، شایستە دارایەکە بە مامستایانی خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس 200 هەزار و دیبلۆم 175 هەزار دینار بە هەر مانگێک دابەش دەکرێت.

ئەمش هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبوونی 15 ڕۆژ لە مانگی 12، مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان تائێستا مووچەی مانگی 10 و 11 و 12یان وەرنەگرتووە.